

# ئاگام لە هەڵماتەکانت دەبێت تا یەکتر دەبینینەوە

نووسین و وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ژیوار ڕەشید
(سوید)

هەرکە پێ دەنێمە سەر کاشییە لووسەکانی هۆڵی چاوەڕوانییەکە، یەکسەر لەناو سەدان کەسدا کە بۆ بینینی خزم و کەسوکاریان هاتوون، دەیناسمەوە. ئێستاش وەک جاران دەستوەشاندن و فڕکەفڕکەکەی وەک خۆی ماوە و نەگۆڕاوە. دواجار کە یەکترمان بینی دوو منداڵ بووین و کێبڕکێی ئەوەمان بوو کێ ڕیش و سمێڵی لەوی تر زووتر بۆز دەبێت، کەچی ئێستا دوو پیاوی قژ تەنکی بەرچاو پڕ لە چرچولۆچین.

لەناو فڕۆکەکەدا داوام لە پیاوێکی کەچەڵ کرد کە بە مۆبایلەکەم وێنەی ئەو ساتە بگرێت کە لەگەڵ دیاری خۆمان فڕێ دەدەینە باوەشی یەکتر، وەک دوو منداڵ دەگرین و لە ئامێزی یەکتردا دەتوێینەوە، بەڵام پیاوەکەم لای پشکنینی پاسپۆرتەکان لێ بزربوو.

دیاری هەمان خەندەی جارانی لەسەر لێوە، کاتێک بە خۆی و تۆپەکەیەوە تەقەی لە دەرگەکەمان هەڵدەستاند. لەوێوە بە پەلە ڕاماندەکرد تا بزانین کێمان زووتر دەگاتە یاریگەی دووگۆڵییەکە کە حەوشەیەکی بەکەلاوەبووی بۆمباباران کراو بوو. کاتێک دەمەوێت بدوێم یەکەمین وشە لە گەروومدا گیردەکات. دیاری بۆ تەوقەکردن دەست ڕادەکێشێت، بەڵام من لائیرادی باوەشی پێدا دەکەم، بۆنی عەترەکەی هەڵدەمژم و پەنجەکانم لە دەفەی شانە ڕەقەکانی گیردەکەم. ئەویش بە هەردوو دەستی توند سەرم دەگرێت و ئەم لا و ئەو لام ماچ دەکات، چانتا قورسەکەم لێ دەسێنێت و

بەدەم ڕاکێشانییەوە دەڵێت «ئای خوایە گیان، بەڕاستی هێشتا باوەڕ ناکەم کە ئەمە تۆ بیت و لێرە بیت، ئەمە جگەرەیەکی باشی دەوێت.»

لە گەراجەکە بە پەرتاو بەرەو ئۆتۆمبیلێک دەچێت و سندووقەکەی دەکاتەوە، جانتاکەم دەخاتە ناوی و دەڵێت «ئەمەش لێرە وەنەوشەی پێ دەڵێن، خۆی تویێتایە، بەڵام لێرە وای پێ دەڵێن، دەزانی بۆ؟ ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچێت هەمە.» منیش لە وەڵامدا دەڵێم «بەڵێ، بەڕاستی گەورەیە.» سولف لێ دەدات و بە خەندەیەکەوە دەڵێت «بەخێر بێیتەوە بۆ جەهەننەم براکەم، دوای بیست و پێنج ساڵ هەر باشە سەر لە کۆنەڕەفیقێکی فەقیر دەدەیت، تو شەرەف بەڕاست تا ئێستا چەند جار گەڕاویتەتەوە؟» بە خێرایی دەڵێم «هەرگیز» و چاو دەبڕمە ئاوێنەکەی لای دەستی خۆم، ڕووم زۆر لە کەسێک گەشترە کە پازدە کاتژمێر بەڕێگەوە بووبێت، هەم لووتە زلەکەم بچووکتر دەنوێنێت، هەم ملە خڕەکەم باریکتر.

دەنگە گڕەکەی دیاری وشەکان نەرم و ڕستەکان خڕدەکاتەوە، دوای بیست و پێنج ساڵ هێشتا دەنگی لەو ڕۆژە دەچێت کە لە یەکتری جیابووینەوە. ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەم بە ڕوونی لەیادە: بە ڕاکردن و لەشێکی سووکەڵەوە تاماڵەوە نەوەستام، چونکە لە تاقیکردنەوەی بیرکاریدا دەرچووبووم. لەبەردەرگاکەمان ئۆتۆمۆبیلێک وەستابوو، باوکم و شۆفێرەکە لە پێشەوە خەریکی جگەرەکێشان بوون، دایکیشم لە پشتەوە دانیشتبوو، هەرچەند لە منە، یان بۆ سەیران بەڕێوەین، یان سەردانی کەسوکار، بۆیە دوو پێم هەبوون کردنم بە سیان، بەڵام کە فرمێسکەکانی سەر ڕومەتی دایکمم بینی، لەدڵی خۆمدا گوتم حەتمەن دیسان بۆ تازێ دەچین. کاتێک بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیری باوکمم کرد گوتی «سەفەرێکی زۆر دوورمان لەپێشە، دەی کوڕی خۆم، خێرا سوار بە با بەڕێ کەوین.» شۆفێرەکە ئۆتۆمۆبیلەکەی هەڵکرد و بەدەم داگیرسانی جگەرەیەکی نوێوە بۆڵاندی «کاکە گیان بجووڵێ، سەربازەکان بەڕێوەن، هەرکە زانیت گەشتنە سەرمان، بەشەرەفم بمانگرن بە زیندوویی کەوڵمان دەکەن، منیش ماڵومناڵم هەیە بەقوربان».

بەڵام من تەنیا بیرم لای هەشتا و هەشت هەڵماتەکەم بوو کە لەپشتی دۆڵابێکەوە شاردبوومنەوە. لە ماوەی دوو ساڵدا بە سەلیقە و لەسەرخۆ باشترین هەڵماتم گوڵچن کردبوون، بە سرکە و کاغەزی ڕۆژنامە سڕیبوون و لە گوێرەوییەکی خوریدا هەڵمگرتبوون. کاتێک لە خوێندنگە دەهاتمەوە هەڵمدەڕشتنە سەر مافوورەکەمان. زەردەکەیان کە لە هەموویان بچووکتربوو زۆر بلیمەتانە لەناو پووش و گەنمدا خۆی حەشاردەدا، ئاوییەکەیان دەیتوانی خۆی لەبەرچاو بزر کات، سەوزەکەیان گیانی وەبەر هەموو ڕووەکێکی مردوودا دەکردەوە، ڕەشەکەیان لە باتمان خێراتر دەفڕی، پێنج پرتەقاڵییەکان هەموو ئیشێکیان پێکەوە دەکرد، چوار سوورەکە فڕۆکەوان بوون و هەندێک هەڵماتی سپیش دوکتۆر و پەرستیار. هەڵماتەکانم بە ژوورەکەدا بڵاو دەکردنەوە، هەندێک لە پشت سەرینەکان، پێنج دانە لەژێر دۆڵابەکە، دە دانە لەسەر تاقی پەنجەرەکە و سێ کۆمەڵ لەپشت ئینجانەی گوڵەکاندا. کاتێک هەموو لە سەنگەردا ئامادە دەبوون ئەوسا فەرمانی جەنگم دەردەکرد. دوانیوەڕوان کاتێک باوکم لە بەرەی جەنگ بوو دایکیشم لەناو ئیشی ماڵدا نوقم دەبوو من ئەوەندە سەرقاڵ بووم کە ئاو خواردنەوە و میزکردنم لەبیردەکرد.

بێ ئەوەی سەیری باوکم، یان شوفێرەکە بکەم وتم «باوکە زۆر میزم یەت، دەبێت هەر ئێستا بچم

بۆ ئاودەست، ئەگینا سوارنابم!» ئەوەندەم گوت و دوورکەوتمەوە، هەرچەندە شۆفێرەکە بۆڵەبۆڵی کرد و تووڕەبوو، بابە دەرگەی ماڵەوەی بۆ کردمەوە. وەک بڵێیت مێشکمی خوێندبێتەوە، دووجار لەسەریەک دووپاتی کردەوە کە هیچ شتێک لەگەڵ خۆمدا نەهێنم. «تەنانەت دەنکەشقارتەیەکیش، تێدەگەیت؟ دەبێت تەنیا خۆمان و جلەکانی بەرمان بین.»

لە ماڵەوە مافوورەکە هێشتا لە شوێنی خۆی ڕاخرابوو، حاجەتەکان لەناو سەبەتەکەدا ئاوچۆڕیان دەکرد و خاولییەکانیش لای ئاوێنەکە هەڵواسرابوون. زۆر هەوڵم دا کە هەڵماتەکانم لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدا بشارمەوە، بەڵام هەرکە دەجووڵام خڕەیان دەهات. خۆم گەیاندە حەوشەکەی دواوەمان و لەوێوە بەرەو کۆڵانەکەی پشتەوە تا ماڵی دیاری بە ڕاکردن نەوەستام. بە هەناسەبڕکێوە تا هێزم تێدا بوو لە دەرگەکەیانم دا، دوو پیاکێشانی توند بە لەپی دەستم، پاشان سێ تەقە بە مشت. هەرکاتێک ئەو تەقەیەم لێدایە خۆی دەرگەکەی دەکردەوە.

بێ ئەوەی سڵاو بکەم گوتم «ئێمە دەڕۆین، دەتوانی ئەمانە لای خۆت هەڵبگریت؟ ها دەتوانیت؟ وەعدم بەرێ کە وەک چاوی خۆت بیانپارێزیت.» دیاری بە حەپەساوییەوە سەیری دەکردم، وەک بڵێیت کە پێی ڕادەبوێرم. منیش هەر لەسەر بەزمی خۆم بەردەوام بووم و گوتم «بەڵێن بێت نامەت بۆ بنووسم.» گۆرەوییەکەم بە هەڵماتەکانەوە خستە نێو دەستی و گوتم کە هەرچیم کرد نەمتوانی بە بێ ماڵئاوایی جێی بهێڵم. «ئیتر دەبێت بڕۆم، ئەگینا بابە شێت دەبێت.» کاتێک ڕووم وەرگێڕا، لەپشتەوە توند لە ئامێزی گرتم و تا هێزی تێدا بوو جەستەمی گوشی. بە دەنگێکی شکاوەوە بە گوێمدا چرپاندی «تکایە لەبیرم نەکەیت، چونکە من هەرگیز تۆ لەبیرناکەم، منیش تا یەکتر دەبینینەوە ئاگام لە هەڵماتەکانت دەبێت.» ئەوەندە بە تاسەوە ماچم کرد کە ددانم چەقییە شەویلکەکانی.

ئێستا دەمەوێت دەربارەی هەڵماتەکان پرسیاری لێ بکەم کە بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە هاتوونەتە خەونم و خەویان لە چاوانم زڕاندووە. تۆ بڵێیت چەند کاتژمێر لای دەروونناسەکەم باسی ئەم هەڵماتانەم کردبێت؟ خۆشەویستەکەم یارمەتی داوم تا هەڵماتی نوێ کۆبکەمەوە، هەرجارێک بۆ بازاڕ دەچین، یان بۆ شارێکی نوێ سەفەر دەکەین پێش هەموو شتێک سەرێک لە دووکانی یاری منداڵان و کۆنەفرۆشەکان دەدەین و بەدوای هەڵماتی نوێدا دەگەڕێین، بەڵام بۆ ئەم سەفەرەم بەڵێنم داوە کە بە هیچ شێوەیەک باسی هەڵمات نەکەم. «عەیبە پیاو داوای دیاری بکاتەوە، یان وای دانێ بەستەزمانە هەڵماتەکانی لا نەمابن، دەزانی دەیخەیتە چ دۆخێکی ناخۆشەوە؟؟»

دیاری ئایرکۆندشنەکە زیاد دەکات و دەڵێت ئایرکوندێکیشنەکە منداڵەکانی لەماڵەوە خەریکە دیق کەن تا من ببینن. «شەوانە کە داوای حەقایەتم لێ دەکەن، من باسی سەردەمی منداڵی خۆم و تۆیان بۆ دەکەم، لەبیرتە کە لەسەر دارهەنجیرەکەی زارا قەڵەو کەوتییە خوارەوە؟ یان کێبڕکێی ئەوەمان بوو کێ زیاتر بتوانێت چلوورەیەک لە ناو دەمیا بهێڵێتەوە؟» منیش بە پێکەنین و سەر ڕاوەشاندنەوە دەڵێم «کوڕە ئەی بۆ باسی ئەوە ناکەیت کە کوڕە گەورەکانی گەڕەکی ئەودیومانی هەڵدەخڵەتاند، لەبیرتە چۆن؟ ئا با بزانم لەبیرتە؟» بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بم دەڵێم. «هەتیو شەرواڵمان لەپێ دەکرد، گیرفانەکانمان پڕدەکرد لە وردەبەرد و خڕەمان لێ هەڵدەستاندن تا وابزانن کە هەڵماتی زۆرمان پێیە و یاریمان لەگەڵ بکەن.»

بێدەنگییەکی قورس ئۆتۆمۆبیلەکە دادەگرێت. دیاری مۆبایلەکەی لە گیرفان دەردەهێنێت و وێنەی منداڵێکی خنجیلانەم پێ نیشان دەدات. «ئەمەش کوڕە گەورەکەمە، مانگێکی تر دەبێتە یازدە.» هەر ئەوەندە قسەکە لە زاری دێتەدەر، ستۆپێکی توند دەگرێت، ئۆتۆمۆبیلەکەی بەردەممان لە ناوەڕاستی جادەکەدا وەستاوە و دەیەوێت شوتییەک لە پیاوێکی پیر بکڕێت. «کاتێک لەدایک بوو ویستم بە یادی تۆوە ناوی بنێم شێرزاد، بەڵام هەرچیم کرد نەمتوانی. ئاخر هەر جارێک بانگم بکردایە و تۆش لێرە نەبوویتایە وەڵامم بەیتەوە ڕێک شێت دەبووم، بۆیە ئیتر ناوم نا شازاد.»

بیردەکەمەوە وەڵامێک بدەمەوە کە شایستەی قسەکانی ئەو بێت، بەڵام هیچ وشەیەک نادۆزمەوە. هەست دەکەم هەرچی بڵێم بێمانا دێتە بەرگوێ. چۆن بە مرۆڤێک دەڵێیت کە ئەوەندە خۆشت ویستووە، کەچی لە یاد و خەیاڵتدا سڕیوتەتەوە؟ ئەگەر ئەو هەموو پرسیارکردنەی خۆشەویستەکەم نەبوایە کە ناچاریان کردم بچمە لای دەروونناس، تا ئێستاش سەردەمی منداڵیم وەک تارماییەک دەبوو لە مێشکمدا، جگە لە هۆگریم بە هەڵماتەکانەوە هەموو پردێکی نێوان ئێستا و منداڵیم داڕمابوو.

دیاری بۆی پرسیارە بۆچی پێنجساڵی برد تا داوای هاوڕێیەتییەکەیم لە فەیسبووک قبووڵ کرد. کاتێک من بێدەنگ ڕادەمێنم، هەندێک بنێشت لە دەشپولەکەدا دەردەهێنێت و دوو دانەیان دەداتە من. کە ددانیان پیادەنێم ئاردێکی شیرین دەڕژێتە ناو دەمم، وەک بڵێی بنێشتەکە خۆی کەم شەکری تێدا بێت. یەکسەر تفی دەکەمە ناو دەستم و دەیخەمە گیرفانم. «ئێستاش هەروا بە بێز و قێزیت؟ بیرتە کە یەکەم جار شیرت خوارد چیت لێهات؟»

بێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە دەپرسم «ناتوانین بۆ کەنار ڕووبارەکە بڕۆین و نێرگەلەیەکی بۆ بکێشین؟ وابزانم مەلەیەکم پێویستە تا هەرچی هیلاکی گیانمە دەرچێت.» بە پێکەنینەوە ئەوەندە چاوم تێدەبڕێت کە داوای لێ دەکەم سەیری جادەکەی بەردەمی بکات. کە باش لێی ورد دەبمەوە، ئینجا دێتەوە یادم کە چاوەکانی سەوزی زەیتوونین و نیشانەیەکی بچکۆلەش لە نێوچەوانیدایە. بە هێمنییەکەوە دەڵێت «باشە ڕەئیس، هەرچی تۆ بڵێیت وا دەکەین.»

شار لەناو تیشکی هەتاو و تۆزدا پێچراوەتەوە، ئەگەرچی ناو ئۆتۆمۆبیلەکە ساردە، بەڵام گەرماکەی دەرەوە بە چاو دەبینرێت. جامی سەیارەکە دەکەمەوە تا هەوا ماچی ڕوومەتەکانم بکات و بمباتەوە سەردەمی منداڵی، بەڵام بۆنێکی تیژی پلاستیکی سووتاو خەریکە ناو لووتم ببڕێت. درەختەکان لە قەراغ جادەکەدا هەڵپڕووزکاون و زەوی بەجۆرێک قڵیشاوە دەڵێیت هەرگیز ئاوی نەخواردووەتەوە. لەبەرخۆمەوە هەناسەیەک هەڵدەکێشم و دەڵێم «ساڵانێکی زۆرە کاتی بەر لە کۆچکردنەکەمان لە ژێرزەمینی دەروونمدا خۆی حەشارداوە.» بێ ئەوەی سەیری دیاری بکەم بەردەوام دەبم «کە گەیشتینە ئەورووپا و پۆلیسەکان ویستیان ناونووسمان بکەن من ناوی خۆمم لەبیرچووبووەوە، بەڵام ئێستا کە لێرەم دەتوانم چاو بنووقێنم و هەرچی یادگاری کەنار ڕووبارەکەیە لەگەڵ تۆ بە ڕوونی بهێنمە پێش چاو.»

دیاری ڕێک وەک ئەو ڕۆژەی کە مامۆستاکەمان ناچاری کرد سروودی نیشتیمانی لەبەردەم هەندێک سەربازی نەجمە لەشاندا بچڕێت، ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێت. پەشیمانم کە باسی ڕووبارەکەم کرد، بەڵام ئەوە من نیم کە پێش قسەکردن بیربکەمەوە. بۆ ئەوەی وەزعەکە ئاسایی بێتەوە، باسی دزینی گەنمەشامی برژاو

و بەلەمە کاغەزییەکانمان دەکەم، کە لەناو ئاودا پێشبڕکێمان پێ دەکردن.

ئەویش بێ ئەوەی سەرنج بداتە قسەکانی من دەکەوێتە باسی ڕەنگکردنی دیواری حەوشەکەیان، دەڵێت کە دەتوانێت مسەلەحی خانوو ببەستێت، کاشی دانێت، پیتزا دروست بکات و سەر بتاشێت. ماوەیەک ئۆتۆمۆبیلی کۆنی دەکڕی، ناوەکەی بە جوانی خاوێن دەکردنەوە، بەرگی کوشنەکانی دەگۆڕین و بۆ هەر ئۆتۆمۆبیلێک پێنج گەڵا قازانجی دەکرد. بەڵام ئێستا پێش نیوەڕوان خەیاتە و دوانیوەڕوانیش لەگەڵ براکەی فیتەری دەکەن.

لە هەموو شوێنێکی شاردا بینا تەواونەکراوەکان برسین و دەمیان کردووەتەوە، کەلاوەی نەخۆش ئومێدبڕاوبوون لە نۆژەنکردنەوە، خانووی چۆڵی وێران، پەنجەرەکانیان بە نایلۆن داپۆشراون. هەر جارناجارێک دیاری لادەداتە قەراخ جادەکە و ڕێگە بۆ کامیۆنە سەربازییەکان دەکاتەوە. لەسەر هەریەکەیان پیاوێک لە پشت چەکێکی گەورەوە دانیشتووە و ئامادەیە لە هەر چرکەیەکدا تا دوا فیشەکی ناو مەخزەنەکانی خاڵی بکات.

بەرەو ڕاقیترین بازاڕی شار پێچ دەکاتەوە، پەنجە بۆ هەندێک چێشتخانەی سنابفوود ڕادەکێشێت و دەپرسێت ئایا ئەوانە لە ئەوروپاش هەن؟ «خاڵەکەت لەبیرە کە دۆندرمەی دەفرۆشت؟ ئا لەوێدا بوو بە خۆی و عەرەبانەیەکەوە دەوەستا، قەت لەبیرم ناچێت جارێکیان یەکی دۆندرمەیەکی داینێ، لەبەر ئەوەی سەعی بیرکاریت بە کوڕەکەی کردبوو.» بەناو جادەکاندا تێپەڕ دەبین و باسی یەکەم شەڕمان دەگێڕینەوە کە من تەماتەم تێگرت، باسی ئەو مامە پیرەیە دەکەین کە نوکتەی قۆڕی بۆ باس دەکردین، یان ئەو جارەی کە دیاری ئۆتۆمۆبیلی بەڕێوەبەرەکەی بە چواردەوری قوتابخانەدا لێخوڕی، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت. «بەڵام لە شتێکا من هەمیشە لە تۆ باشتربووم.» لەگەڵ وتنی ڕستەکەدا پێکەنینێکی پڕ لە ترس دەمگرێت «لە هەڵماتێندا قەت لێت نەدەبردمەوە، دەبڵێ وانییە.» هەرکە قسەکە لە دەمم دەترازێت سەرم دادەخەم، سەیری نێو لەپی دەستەکانم دەکەم و هەست بە ئارەقەی شەرم دەکەم کە بەسەر بڕبڕەی پشتمدا دەچۆڕێت.

باشە بۆ ناتوانم، یان دەمم داخەم، یان بەردەوام بم لەسەر باسی ئۆتۆمۆبیل و خانوو دروستکردن؟

لەپڕێکدا دەزانم لەکوێم و دەوروبەرم دەناسمەوە. قەڵا ڕووخاوەکە و قەیسەرییەکە کە تەنانەت شیری چۆلەکەشی تێدا دەست دەکەوت لە جێی جارانی خۆیاندا ماون. بەم ناوەدا چاوشارکێمان دەکرد و بە دوای قاوغەشقارتە و سەرەسۆدەدا دەگەڕاین. دیاری ئۆتۆمۆبیلەکە لەبن دارێکدا ڕادەگرێت. دادەبەزم و بە مۆبایلەکەم چەند وێنەیەک دەگرم، بۆیاخێکی زۆر وەک توێکڵی مار خەریکە دەکەوێت، چەندان چرای کەنار شەقامەکان کوێر بوونەتەوە، لەسەر دیوارێک نووسراوە «س. م. ی خۆش دەوێت» لەولاترەوە یەکێک نووسیویەتی کە ئەوەی لێرە میزدەکات کەرە و لە سەر دەرگەیەکیش نووسراوە کە مێسی ڕۆناڵدۆ دەنێرێت بۆ نۆک کڕین. ئەگەر هەڵە نەبم تەنیا چەند کۆڵانێک لە ڕووبارەکەوە دوورین.

لەبیرمە جاران بۆنی ماسی برژاو بە سماقەوە تا ئێرە دەهات، لەم شەقامەدا شۆستە و قاڵدرمەکان بە کتێب و ڕۆژنامە داپۆشرابوون، هەندێک شاعیر شیعری ئاشقانەیان دەنووسی و بە دڵدارانیان دەفرۆشتن، وێنەکێشەکان پۆرترێتی ڕێبوارەکانیان دەکێشا، مۆسیقارەکان گۆرانی داواکراوی خەڵکیان دەژەنی، میزەڵانفرۆشەکان دڵی منداڵەکانیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا، نێرگەلەکێشەکانیش چەندان هەوری سپییان بە

هەوادا بڵاو دەکردەوە، کە من و دیاری هەوڵمان دەدا تا قووڵایی سییەکانمان هەڵیانمژین.

ئێستا شەقامەکە کراوە بە مەیدانی ئاژەڵفرۆشتن. لە هەندێک قەفەسدا زیاتر لە سی باڵداری هیلاک دەمێکە دەستبەرداری هەموو هەوڵێکی باڵگرتنەوە بوون، جیکە و گارە و قیڕەی جووجکەی ڕەنگ کراو، قەل و قاز و مراوی و کەڵەشێر لە هەموو لاوە دێتە بەر گوێ.

لە دووکانێکدا زیاتر لە چل کەناری ترنجاونەتە ناو قەفەزێک، تووتییەک باڵەکانی هەڵوەریون، چەند پشیلەی باریکەلەی سپی هیلاک لەسەر قیرەکە ڕاکشاون و لەبەر گەرماکەدا نووستوون. تۆزێک لەولاترەوە هەندێک مەیموون یەکی زنجیرێکیان لەملدایە و بەسەر قاڵدرمەکاندا سەرەوخوار دەکەن، باڵندەی ڕەنگین بە دەنووکی درێژەوە خۆیان دەخورێنن، دوو کوالا ورچی بچکۆلە لە بووکەڵەی پەڕۆیین دەچن و تەمۆڵکەیەکی تەنیا بە قۆڵە درێژەکانییەوە خەریکی خواردنی سەموونێکە. چەندان ئاسنگەر قەفەزی نوێ دروست دەکەن، منداڵی دەستگێڕ خۆراکی ئاژەڵ دەفرۆشن و هەندێک دووکانیش هەر لەوێ ئاژەڵەکەت بۆ سەردەبڕن و بۆت پاک دەکەن. خوێن تا سەر جادەکە جۆگەی بەستووە و دەبێتە خۆراکی مێش و مەگەز. لەناو ئەم هەموو جەنجاڵییەدا چەندان دووکانی هەمبەرگر و گەس لەفە دەفرۆشن، سێ عەرەبانە گۆشت و جگەر و فەلافل سووردەکەنەوە. تەنیا دوو سەرتاشخانە و گازینۆیەک ئاسەواری سەردەمی کۆنیان پێوە ماوە و پڕ لە کوڕی گەنج و بێ کارن.

بە قسەی دیاری ئەم ناوچەیە تا ئێستاش لەژێر کۆنترۆڵی میلیشیادایە. لای شەربەتفرۆشێک دوو شەربەت دەکڕێت و لە قسەکانی بەردەوام دەبێت «خەڵکی ئەم شارە ئێجگار حەزیان لەم تەیروتویرەیە. هەموو بەجارێک هۆگری ئەم بازاڕە بووین.» شەربەتەکە ددان دەتەزێنێت، بەڵام تامی ڕەنگ و شەکر دەدات، هەرچی دەکەم پێم قوت نادرێت، بەڵام ناشمەوێت بڵێن کوڕەکە لە دەرەوە هاتووەتەوە و بێزی نایەت شتی ئێرە بخوات. دەڵێم «لەوانەیە خەڵک بۆیە حەزیان لە باڵندەی ناو قەفەس بێت تا خۆیان بە ئازاد بزانن»، بەڵام وەک ئەوەی قسەکەمی نەبیستبێت هیچ کاردانەوەیەک نیشان نادات.

هەموو شتێک لەم شەقامەوە دەستی پێکرد. ئەو بەیانییە باران تازە خۆشی کردبووەوە و هەتاویش پەلکەزێڕینەیەکی کردبوو بە پردی نێوان زەوی و ئاسمان. لەگەڵ دیاری، خۆمان لە مەکتەب دزیبووەوە، وا بڕیار بوو کە من هەڵماتێکی ڕەشی نایاب بە پەنجاو پێنج هەڵمات بگۆڕمەوە. بەقسەی زۆر کەس لە هەموو شاردا تەنیا سێ هەڵماتی لەو جۆرە هەبوون، دوانیان هی کوڕێکی درێژ بوون کە ناسیاوی هاوڕێیەکی دیاری بوو.

کە پەنجاو پێنج هەڵماتەکەم دایە دەستی کوڕەکە، ئەو یەکسەر وەک با تێی قوچاند. منیش وەک کۆڵەکەیەک بە حەپەساوی لەجێی خۆم وشک بووم، بەڵام دیاری بە کەنار ڕووبارەکەدا دوای کەوت تا لە شار کەوتینە دەرێ. من کە چەند خولەکێک لەدوایانەوە بووم لەدوورەوە دیم کە کوڕەکە لەسەر زەوی پاڵکەوتووە، دیاریش دارلاستیکێکی تێ گرتووە و بە شەق و جوێن بەربووەتە گیانی. تا گەیشتم کوڕەکە هەرچی هەڵمات بوو دابووی بە دیاری و لەچاو ون بووبوو.

خوێن بە دەمارەکانماندا دەسووڕا و هەناسەمان سواربووبوو، یەک هەنگاو ئەولاتر ڕووبارەکە وەک مافوور ڕاخرابوو و بانگی دەکردین. لەم چۆڵەوانییەدا لە غەڵبەغەڵبی شار و هات و هاواری مرۆڤەکان ئازاد بوو، بە هێمنی ڕۆدەچوو و خۆی بە تاشەبەردی ساف و لووسدا دەسواند.

خۆمـان ڕووت کـردەوە و جلەکانمـان خسـتە سـەر بەردێکـی ڕەش و پـان. ئارەقـە لەسـەر ملـی دیاری تنۆکـەی دەکـرد و چەنـدان خەتـی لەسـەر سـنگی دەنەخشـاند. سـەیرێکم کـرد و بـە گاڵتـەوە وتـم «هەتیـو تووکـی سـنگ و بنباڵـت دەرکـردووە، دەڵێـی بزنیـت» هـاوکات دەسـتێکم هێنـا بـە سـنگی خۆمـدا کـە لـە توێکڵـی شـووتی سـافتر بـوو. «باشـە کـەرە تـۆ لەبیـرت چووەتـەوە کـە مـن دوو سـاڵ لـە تـۆ گەورەتـرم؟ دەبێـت لەمـەولا بـە کاکـە بانگـم کەیـت، حـەز دەکەیـت دەسـت لـە تووکـی سـەر سـنگم بدەیـت؟» بـۆ ئـەوەی هیـچ بڵێـم دەسـتم خسـتە سەرسـنگی و هەسـتم بـە ترپـەی بەهێـزی دڵـی کـرد.

ڕۆژانـی دواتـر چەنـدان جـار ڕۆیشـتینەوە بـۆلای بـەردەڕەش، چونکـە ئـەوێ بـۆ دەرس خوێنـدن لـە هەمـوو شـوێنێک ئارامتـر بـوو، لەبـەر ئـەوەی لەگـەڵ کەسـی دیکـە تاقەتمـان نەبـوو، بـۆ لـەوەش گەنمەشـامییە برژاوەکانمـان لـەوێ نەبوایـە لەهیـچ شـوێنێکی تـر بـۆ نەدەخـورا، چونکـە لـەوێ ئاوەکـەش لـە هەمـوو شـوێنێکی تـر بـۆ مەلەکـردن قووڵتـر بـوو. خۆمـان لـە مەکتـەب دەدزییـەوە و بـە دایـک و باوکمانمـان دەگـوت کـە لـە کتێبخانـە خەریکـی دەرس خوێندنیـن.

دیـاری داوا لـە ڕێبوارێـک دەکات چەنـد وێنەیەکمـان بگرێـت و دەڵێـت بـا قەڵاکـە لـە پشـت سـەرمانەوە دەرکەوێـت. دواتـر بەسـەر چەنـدان پارچـە کارتۆنـدا تێدەپەڕیـن، پـێ دەنێیـن بـە بتڵـە ئـاوی قوپـاودا، بـە باڵـە مریشـکدا، بـە جلـی دڕاودا، بـە ڕۆژنامـەدا، بـە تاکـە پێـڵاودا، بـە چاوێلکـەی ڕەشـی شـکاودا، بـە یـاری منداڵانـدا و بـە گوێـرەوی کۆنـدا.

کاتێـک بـازاڕی ئاژەڵـەکان جێدەهێڵیـن، ئـەوەی دەیبینـم سـەرتاپای لەشـم دەتەزێنێـت. خۆزگـە دەخـوازم کـە ببمـە وردە لـم، یـان خۆڵەمێـش تـا بـا لەگـەڵ خۆیـدا بمبـات. لـە ناخـی دڵمـەوە پەشـیمانم کـە ئـەو هەمـوو پارەیـەم لـەو دەروونناسـە بـۆ مێشـکەدا خـەرج کـرد کـە هانـی دام بگەڕێمـەوە شـوێنی لەدایکبوونـم. «ویسـتم بـە چـاوی خـۆت ببینـی، هەندێـک لەدەسـتچوون هەیـە بـە دەم وەسـف ناکرێـت.» لەگـەڵ دوا وشـەدا لـە گیرفانـی کلێنیکسـێک دەردەهێنێـت و دەیداتـە دەسـتم تـا فرمێسـکەکانم بسـڕمەوە.

ڕووبارەکـە وەک زامێکـی کـراوە بەنـاو لەشـی شـاردا درێژبووەتـەوە. قڵیشـەکانی بنەکـەی ئەوەنـدە وشـکن کـە گوێـم لـە هـاوار و زریکـەی خاکـە. هەسـت بـە دوانەفەسـی ماسـییەکان دەکـەم کـە چـۆن لەکاتـی وشـکبوونی ئاوەکـەدا بـۆ دواسـاتەکانی ژیانیـان هەڵبەزودابەزیـان کـردووە. ئێسـتا ماڵەکەیـان بووەتـە گەراجـی ئۆتۆمۆبیـل و زبڵدانی شـار. چەنـدان تەپۆڵکەی بـەرزی خاشـاک لەگـەڵ هـەزاران بتڵـی ئـاودا، شـەوارە بـە چاودەهێنـن. «کاتێـک میلیشـیا هێرشـی هێنـا ڕژێـم ئاوەکـەی گرتـەوە، خەڵـک لەنـاو قوڕولیتـەدا بـۆ ماسـی کۆکردنـەوە تـا سـەر ئەژنۆیـان ڕۆچووبـوون.»

لەسـەر دوو کورسـی پلاسـتیک دادەنیشـین و داوای چـا دەکەیـن. بەدەم هەنسـکەوە دەڵێم «هەر ئیمشـەو بلیتێـک دەکـڕم و بەیانـی دەگەڕێمـەوە.» دیاریـش پـێ دەکەنێـت و دەڵێـت «بەڵـێ، بەڵـێ» کچێکـی دەسـتگێڕی منـداڵ دێتـە لامـان و دەیەوێـت شـتمان پـێ بفرۆشـێت، لەسـەر سـینییەک هەندێـک ملوانکـە، ئەنگوسـتیلە، قەڵـەم، تەوقە، بنێشـت و شـەبەکەیەک هەڵماتـی دانـاوە. دەسـتبەجێ هەڵماتـەکان هەڵدەگرم و بـێ پرسـیار پێنـج دۆلارییـەک دەدەمـە دەسـت کچەکـە. ڕوو دەکەمـە دیـاری و دەڵێـم «لایبە هەسـتە بـا بڕۆینـەوە ماڵـی خۆتـان و هەندێـک هەڵماتێـن لەگـەڵ شـێرزادی کـوڕت، مەبەسـتم شـازاددا بکەیـن.» چایەکـەم هەڵدەقوڕێنـم و دەڵێـم «ئەگـەر لێـم بەریتـەوە، ئـەوە لەوانەیـە سـبەینێ نەڕۆمـەوە.»

دیاری بە دەموچاوێکی جیدییەوە ڕووم تێ دەکات و دەست دەخاتە سەرشانم. دەڵێت «پێش ئەوەی بڕۆینەوە بۆماڵەوە شتێک هەیە دەبێت بیکەین، وەرە دوام کەوە تا بتبەم بۆ لای هەڵماتەکانت.» ئەژنۆکانم ڕەق دەبن و لەشم بەم گەرمایە دەست بە لەرزین دەکات. دیاری بە دەنگێکی غەمگین بەردەوام دەبێت «دوای ڕۆیشتنت، دە ساڵ لەسەریەک هەموو سەری مانگێک دەڕۆیشتم بۆ لای بەردەڕەش.» دەستێک دەهێنێت بە ڕیشیدا و لەسەر کورسییەکە دادەنیشێتەوە. «لە بەر ڕووناکی شەودا یاریم بە هەڵماتەکان دەکرد، بیرم دەکردەوە کە ئەو مانگەی من سەیری دەکەم هەمان مانگە کە لای تۆش دەدرەوشێتەوە. هەڵماتەکانم هەڵدەڕشتنە سەر خۆڵە ڕەشەکە، دەستم پێدا دەهێنان و بۆنم دەکردن، دەمخستنە سەر سنگم و بەسەر پەراسووەکانمدا دەمگێڕان، تا ئازار زۆری بۆ دەهێنام. چاوم دەبڕییە ئاوەکە، بەڵکوو نیشانەیەکم لەلای تۆوە بۆ بهێنێت. دەمهێنایە پێش چاوی خۆم کە نامەیەک بە دەستوخەتی تۆ لەناو بوتڵێکی شووشەدا بدۆزمەوە. لەبەر تریفەی مانگدا فرمێسکەکانم دەدان بە ئاودا، بەڵام کاتێک ڕووبارەکە وشکی کرد، ئیتر بەتەواوی بێ ئومێد بووم، دڵنیابووم کە ئەوە نیشانەی هاوڕێیەتییەکەی ئێمە بوو.» پێش ئەوەی جگەرەکەی خۆی داگیرسێنێت دانەیەک دەداتە دەست من. «دوو سێ ڕۆژ پێش ئەوەی فاتمە کە پێنج ساڵ بوو خۆشی دەویستم بگوێزمەوە، چاڵێکم لەژێر بەردەڕەشدا هەڵکەند و هەڵماتەکانم تێدا شاردنەوە، بەڵێنم بە خۆم دا کە هەرگیز جارێکی تر پێ نەخەمە ئەو شوێنەوە.»

شنەبایەک قژە تەنکەکەی بەلادا دەخات. کاتێک قسەکانی تەواو دەکات لێوی دەلەرزێت. منیش بێدەنگییەکە دەشکێنم و دەڵێم «داوای لێبووردن دەکەم، تکایە گەردنم ئازاد کە» لەسەر کورسییەکەم هەڵدەستم و دەڵێم «وەرە تا بۆت باس بکەم بۆ بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە بێدەنگ بووم، بەڵام ئەم قسانە بە سکی خاڵییەوە ناکرێن، تۆ پێم بڵێ ژنە کوێرەکە هێشتا ماوە کە وەختی خۆی کولێرەبەقیمەمان لەلا دەکڕی؟»

**کورتەیەک لە بارەی ژیانی ژیوار ڕەشید**

**نووسەری لاو ژیوار ڕەشید خەڵاتی باشترین کورتەچیرۆکی وڵاتی سوید دەباتەوە**

ژیوار ڕەشید، خەڵکی ناوچەی هەورامانە و لە ئۆردوگای سەریاس لەدایک بووە. لەتەمەنی چواردەساڵییەوە دانیشتووی وڵاتی سویدە و لەوێ خەریکی کاری نووسینە. ساڵی پار یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی لەبن دارتووەکەدا بە زمانی سویدی بڵاوکرایەوە. پاش ئەوەی ئەم ڕۆمانە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا، لەلایەن کەناڵی یەکی ڕادیۆی سویدەوە داوا لە ژیوار ڕەشید کرا بەشداری کێبڕکێی ساڵانەی کورتەچیرۆک بکات. هەموو ساڵێک دە نووسەری دەرکەوتووی ئەو ساڵە لەلایەن لیژنەیەکی ئەدەبییەوە وەک ڕێزلێنانێک ئەم ئەرکەیان پێ دەبەخشرێت. دواتر پێنج لەم چیرۆکانە دەپاڵێورێن و لەلایەن خەڵکەوە یەکێک لە چیرۆکەکان بە باشترینیان هەڵدەبژێررێت.

کورتەچیرۆکی (ئاگام لە هەڵماتەکانت دەبێت تا یەکتر دەبینینەوە)، خەڵاتی ساڵی ٢٠٢٤ی بردەوە، کە بێجگە لە ڕێزلێنان بڕی ٣٠٠٠ دۆلاریشی پێ بەخشرا.

*** ئەم چیرۆکە ژیوار ڕەشید بە سویدی نووسیویەتی، بە هاندانی هیوا قادر هەر خۆی کردوویەتی بە کوردی.**

**(ڕامان)**